# هاوکاری

التضامن

وزارة الاعلام ـ دار التضامن للطباعة والنشر الكردية

٢٤ لاپـــەرەیە  بە (٢٥) فلسـە ١٩٧٦/١/٩ ژمارە ( ٣٩٩ )


ژمارەی تایبەتی

• لەم ژمارەیەدا •

- ولات لە هەفتەیەکدا (ئاهەنگ گیرانو کردنەوەی چەندان پرۆژەی ئاوەدانی ) ٠
- هاوکاری لەکوڕی خەباتدا ـ جەمال بابان
- سالێکی نوێ و ئەرکێکی پیرۆز ـ غەفور
- چەندان باسو ڕێپورتاج لە بیرەوەری (٦) سالەی « هاوکاری » دا ٠

# پیرۆزبایی سەرۆکی فەرماندە لە هێزی چەکداری نەبەز

## با لەشکرەکەمان شورەیەکی قایم بێ بۆ ڕەت کردنەوەی هەموو دەست درێژی یەك و دەستەبەری بەدیهێنانی ئامانجی نەتەوەکەمان بێت



با لەشکرەکـــەمانشورەیەکی قایم بێ بۆ ڕەتکردنەوەی هەموو دەست درێژی یـەك و دەســـتەبەری بـەدیهێنـــانی ئامـــانجی نەتەوەکەمان بێت ٠

سەرۆکی فەرماندە کاك احمدحسن بکر بەبۆنـەی یادی ٥٥ سالەی دامەزراندنی لەشکرەوەبروســـکەیەکی پیرۆزبایی ئاراستەی ئەندامانی هێـــزی چەکدار کرد تیایدا داوای کرد کە لەشکر ئامرازێکی بـەدیهێنانی ئامانجەکانی نەتـەوەی عەرەب بێت ئەمەش بروسکەکەیە

**لە سەر کۆمارو فەرمانـدەی گشتی هێزی چەکدارەوە مهیب احمد حسن بەکر ٠**

بێخۆشحالم کـە لەم ڕۆژەنەمرەی جەژنی پیرۆزی لەشکردا پیرۆزبایی لە ئێـوەو هەموو ئەندامانی لەشـــکری دلیر بەئەفسەرو سەربازو مەدەنی یەکارگێرەکـــانی یەوە بکـەم ٠

داواکارم لەخوای مەزن کـــەسەرمانخات بۆ خێرو خۆشـی ئەو لەشکرەو ســـەربەرزیوپتەوبوونی ٠٠٠ دەبا لەشکر شورەیەکی قایمی ڕەتکردنەوەیهەموو دەســـت درێژیەکی ئاوانبارو ئامرازێکی بەدیهێنانی ئامانجەکانی نەتەوەی عەرەبمان بێت لەیەکگرتنو سەربەستیوسوشیالیستیو ڕزگارکـردنی بەشە زەوتکراوەکانی نیشتمانی کـــەورەمانو پارێزکاریی دەسکەوتەکـانی شۆڕشـــەپێشکەوتوەکەمان بکـــات ٠٠ خواش سەرمان بخات ٠

ئا٠د٠ع

لەبیرەوەری یادی «٥٥» سالەی دامەزراندنی لەشکرە قارەمانەکەمانەوە :

## جەژنی لەشکری قارەمانی ، جەژنی هەموو گەلە

گەلو ولات ئەمڕۆ پێکـەوە ئاهەنگی یادی دامەزراندنی لەشکری قارەمانی عیراق ئەگێڕن ٠٠ لە کانگای دلیانـەوە لەناو کەفو کولی خوشەویـــتیو بەختیاریدا ڕۆلەکانی گەلدەست لە ناو دەستی برا ئەفســەرو سەربازەکانی لەشکرە نەبەزەکەمان ئەنێنو جەژنـە پیرۆزە لەیەکتری ئەکەن ٠٠ نەك تەنیا پیرۆزبایی لـــە دایك بوونی لەشکر ! بەلکو پیرۆزبایی ئەو زنجیرە سەرکەوتنە یەك لـــە دوای یەکانەی کە لە تەمـــەنی خەباتی چەکدارانـەی دژ بـــە ئیمپریالیزمو کۆنەپەرستی داتۆماری کردوە ٠٠گەلو سوپا ئـــەمرۆ بەیەك دلو یـــەك بیروباوەڕەوە لـــەژێر سەرکردایەتی سیاسی شۆرشی ١٧ی تەموزدا دەسکەوت لـــە دوای دەسکەوتو سەرکەوتن لە دوای سەرکەوتن بەدەست دێنن ٠٠ بۆ ئەوەی ئاسۆیەکی پرشنگداری روناکتر لەدایك بێتو عیراقێکی یەکگرتووی پێشـــکەوتوی سوشیالیستی پێك بێ ٠

لەشکری دلێری عیراق هەر لە ڕۆژی هاتنەکایەوە لەسالی ١٩٢١دا تا ئەکـــاتە ئـەمرۆ مێژوویەکی دورو درێژی پڕ لـە قارەمانێتیو دلسۆزی تۆمـــار کردوە٠٠ سەرگورشتەی خەباتی نەبەردانەی جارێکی تر ئـــەوە

بروانە ل ـ٢١ـ

Institut Kurde de Paris

## سەرۆك بەكر سوپاسی پیرۆزبایی کەرانی یادی دامەزراندنی لەشکر ئەکات

# هەڤاڵان عەیسەمی و مستەفاو دووری و جەزراوی سوپاسی سەرۆکی فەرماندە ئەکەن

بەرێز سەرکۆمارو فەرماندەی گشتی هێزیچەكدار مهیب احمد حسن بكر سوپاسی ئەوانـە ئەكات كە بەبۆنەی یادی ٥٥ ســــاڵەی دامەزراندنی لەشكریدلێری عیراقەوە پیرۆزباییـان لێ كردبوو وە داوا لەخوای میهرەبانئەكات كە هەموان سەربخات بۆ خێرو خۆشی نەتـەوەی عـەرەبو نیشتمانی خۆشـەویستو لە شـــكری جوامێرو سەربەرزیی •

هەڤاڵ احمد حسن بكـــر سكرتێری سەركردایەتی قطری حزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەب ئەم بروسكە سوپاسنا- مەیەی لە هەڤاڵ شبلی عەیسەمی یاریدە دەری سكرتێری گشتی حزبەوە پێ گەیشت :

**فەرماندەی تێكۆشەر هەڤاڵ احمد حسن بكری بەرێز**

سلاوێكی هەڤاڵانە

ئەو میدالیایەی رافیـــدەین پلەی یەكەمی جۆری مەدەنی كە پێتان بەخشین كارێكی گەورەی تێ كردینو نیشانەی جوامێری ئێوەیە • منیش بەڵێنتان ئەدەمی كە بەردەوام بین لەسەر رێگای ئەو ئامانجانەی كە حـــــزبی فەرماندەمان حزبی بەعــــی سوشیالیستی عەرەبو شۆرشە جوامێرەكـــەی كە ئێـــوە بەدڵسۆزیوكارامەییو داناییەوە سەركردایـەتی ئەكـــەنو ، لەسەری رۆیشتوە •• داواكارم لەخوای مەزنو میهرەبان كـــە دەستبەپشتانەوە بكرێو بتان هێڵی بۆ حزبو شۆرشەكـەیو نەتەوەی عەرەب •

گەرمترین ســلاو وریزتان پێشكەش ئەكەم •

**شبلی عەیسەمی**
**یاریدەدەری سكرتیری گشتی حزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەب**

ســەرۆكی فەرماندە كـــاك احمـــد حسن بەكـــر ئـــەم بروسكانەی لـــە ئەندامـــانی ئەنجـــومەنی سەركردایـــەتی شورش كاك عزەت مســــتەفا وەزیری تەندروستیو كاك عزەت دوری وەزیری ناوخۆو كاك تەھ یاســـین جـــەزراوی وەزیری پیشەســـازیو مەعـــدەنەوە پێ گەیشت :-

**سەرۆكی فەرماندە تێكوشەر احمد حسن بكری بەرێز :**

لەم رۆژە پیرۆزانەی رەونـە سەركەوتوەكـەی شـــورشدا كەتیایدا ئاهەنگی ٥٥ ســالەی دامەزراندنی لەشكرە قارەمانە- كـــەمان ئەگێرین لەشـــكری شورشی بـــەتوانای عـــەرەب ، بریارەكەی بەرێزتان دەربارەی بەخشینی میدالیا بـــە ئێمـــە بروای پتر كردین بۆ خزمـــەت

بروانە ل -٢٠-

## طەجەزراوی سەرپەرشتی ئاهەنگی دەرچوانی دەورەی « البكر »ی كرد



**ئیوارەی رۆژی سێ شەممەیرابردوو ئەندامی ئەنجـــومەنی سەركردایـــەتی شـــورشوفەرماندەی سوپای میللی كـاك طـــە الجزراوی سەرپەرشتیئاهـــەنگی دەرچوانی ( زوبات سەفی ) دەورەی البكری سوپایمیللی كرد •**

ئاهەنگەكە لـــە قوتابخانەی سوپای میللی لە بەغدا رێكخرا بوو ، هـــەڤاڵان ئـــەندامانی مەكتەبی سەربازیی حیـــزبی بەعسی سۆشیالیستی عـــەرەبو عەمیدروكن سەرۆكی ئـــەركانی سەركردایەتی ســـوپای میللیو بـــەرێز پارێزگاری بەغـــداو بەرێزان لێپرسراوانی ســـوپای میللی ناوچەی بەغـداو جەماوە- رێكی زۆر لەو ئاهەنگەدا بەشدار بون •

لەسەرەتای ئاهەنگەكـــەدا بەرێز فەرماندەی قوتابخانەكـــە وتارێكی خوێندەوە لەوتارەكەیدا وتی :- ئـــەو پێشدەستییەی سەركردایەتی ســـوپای میللی كردوویەتی بـــۆ پێ ئـــەیاندنی كادری سەربازی بۆمەشقدانی رێكخراوە میللیو پیشەییەكـــان بەلگەیـــەكی دیارو ئاشـــكرای ئەوریبازە شۆرشگیریەمانە كـــە لـــەواقیعی ئـــەم نیشتمانەو نەتەوەی عەرەبەوە هەڵقولاوە ، لەكێشـــەی دژی ئیمپریالیزمو زایونیزمدا ، وە بۆ جێبەجێ- كـــردنی ئامانجە ستراتیژێكانی حیزبی بەعسی سۆشیالیـــستی عەرەب لە پێ گەیاندنی جەماوە- رێكی ئـــەوتۆدا بۆ هێنانەدی یـــەكێتیو سەربەســـتیو سۆشیالیستی كە سەركردایەتی تێكۆشانبكات وە ئـــەوەی رون كردەوە ، كـــە دۆخی ئێستای

بروانە ل -٢٣-

## بروســـــكەیەكی سوپاســـــنامە بۆ مامۆستا صدام حسین لــە سەرۆك وەزیرانی ئێرانــەوە

جێ گری سەرۆكی ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆرش مامۆستا صدام حسین ، لـــە ســـەرەك وەزیرانی ئیران ئەمیـــر عباس هویداوە بەبۆنەی گەرانەوەیەوە بـــۆ ئیـــران بروسكەیـــەكی سوپاسنامەی پێ گەیشتوە •

ئەمیش تەواوی بروســـكە- كەیە •

**جێ گری سەرۆكی ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆرش بـــەرێز صدام حسین ••**

لەكاتێكا ولاتەكەتان بـــەجێ دەهێلـــم ، پێخۆشحالم كـــە دووبارە سوپاســـی خـــۆتو خیزانەكەت بكـــەم بۆ ئـــەو

بروانە ل -٢٠-

## وەزارەتی بەرگـــری بەبۆنەی جـــەژنی دامەزراندنی لـــە شكرەوە ئاهەنگێـــكی پێشوازی گێرا

ئێوارەی رۆژی سێشەممەی رابردوو بەبۆنەی جەژنی پەنجاو پێنج هەمین سالی دامەزراندنی ســـوپای نەبـــەزەوە وەزارەتی بەرگری ئاهەنگێكی پێشـــوازی گەورەی لە كۆشكی ئاشـــتی (سلام) رێكخستبو •

لـــەو ئاهەنگەدا ئـــەندامی سەركردایەتی قوتری حیـــزبی بەعسی سۆشیالیستی عـــەرب هەڤاڵ تایە عبدالكریمو هەردوو ئـــەندامانی بالیـــوراوی سەر- كردایەتی قوتری حیزبی بەعسی سۆشیالیستی عـــەرەب هەڤالان جعفر قاسم حمودیو شـــفیق الكمالیو هەندی لە وەزیرەكانو سوپاسالارو دەستەیەك لـــــە ئەفسەرەگەورەكانی سوپا ئامادە بون •

## دانانی بەردی بناغەی سەربازی نەناسراو


لەگـــەل ئاهەنگەكانی ولات بەیادی پەنجـــاو پێنج هـــەمی دامەزراندنی ســــوپای نەبە- زمانەوە ، ئەمینداری پایتـــەخت بەرێز ابراهیم محمد اسماعیـــل سەرلەبەیانی رۆژی دووشەممەی رابردوو بەردی بناغەی پەیكەرە تازەكەی سەربازە نەناسراوەكەی دانا ، پەیكەرەكە لە نزیـــك گورەپانی عمان لـــە خواروی رۆژهەلاتی سەیرانگای زەورادا دروست دەكرێتو كۆمپانیـــای گشتی مقاوەلات ئـــەم كـــارە جێبەجێ دەكات •

بـــەم بۆنەیەوە ئاهەنگێكی گەورە رێكخرابو ، لەئاهەنگە- كـــەدا فەریق رُكنی یەكـــەم سوپاسالارو پارێزگاری بەغداو جێ گری پارێزگارو هەندێك لە فەرمانبـــەرە گـــەورەكانی ئەمیندارێتی پایتەخت ئامـــادە ببون لەسەرەتای ئاهەنگەكـــەدا بەرێوەبـــەری پـــەیوەندیو راگەیاندن لـــە ئەمیندارێتی پایتەخت كـــاك طالب العانی وتارێكی خوێندەوە ، لە وتارە- كـــەیدا باسی دەستكەوتەكانی ئەمیندارێتی پایتەختی كرد لەژێر سایەی شۆرشی ١٧ی تـــەموزی نەتەویی سۆشیالیستیدا •

وە مانای ئەم پەیكەرە تازە- یەی لێك دایەوە كە هونەرمەند خالد الرحال نەخشەیكێشاوە • پەیكەرەكە بریتیە لـــە تەختێكی هێلكەیی درێژیكەی ١١٠ مەترە لەوتەختـــەوە (٩) تونێـــژی كۆنكرێتی موســـەلح شـــۆر دەبێتەوە كـــە بەرزێكـــەیان ١٥ مەترە ئەم تونێژانە بە گرافێتی سەوزی سواخ دەدرێن •

وە لەســـــەر ســـوجێكی تەختەكە لەكۆتایی پلیكانەكانی پشـــتەوەی گومـــەزێكی خـــر لەكونكرێتە موسەلح دروســـت دەكرێت بانایی ئەو گومـــەزە هـــەزار مەتری چوارگۆشـــە دەبێتو قوترەكەی ٤٠ مەتریە ،

بروانە ل -٢٠-






Institut Kurde de Paris

# هەموو شتێکی هاوکاری

## بە ژمـــارە «۱۹۷۰ - ۱۹۷٦»




رۆژنامەی هاوکـــــاری لەسەرەتای دەرچونیەوە ( ۷۰ـ ۹۷٦ ) تا ئەمرۆ ، لە مـــاوەی تەمەنی شەش ساڵدا چەندان وتارو نوسینو لێکۆڵینـــەوەو بابەتی زانستی هەمە جـــۆرو سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابوریوتەندروستیو رەخنەو رەخنـــە کاریو ریپۆرتاجو چاوپــێکەوتنو بابەتی تری بـــڵاو کردۆتەوە ، کەزوربەیان لەگەڵویستوئارەزو ئاواتی کۆمەڵانی خەڵكو زوربەی جــەماوەریزەحمەتکێشی کوردا بووە ٠

ئێمە لە کاتێکدا کە تەمەنیشەش ساڵی رۆژنامەگەری پـر لە ماندوێتیو خزمەتـــگوزاریبەجێ دێڵینو بێ ئەنێینە ساڵی حەوتەمەوە ، ئـەوا بەدیـــاریلیستەی بەرهەمە بڵاوکراوەکانی رۆژنامەکەمان پێشکەش بـــەخوێنەرانی بەرێزمان ئەکـەینو هیواداریـن هاریکاری شـــەشساڵی رابوردوی نێوان نوسەرو ئەدیبەکان ورۆژنامەکـــەمانببێتە بناغەیەکی دۆستانە بـۆ ساڵی حەوتەم ولە ساڵی تازەدازۆرتر هاریکاریمان لە گەڵابکەن ٠٠ وئیتر سڵاو لە هەمـــــوخوێنەرانی هاوکاری ئەکەین ٠

ـ هاوکاری ـ

| بابەتە بڵاوکراوەکان | ژمارەیان لە ماوەی شەش ساڵدا |
| --- | --- |
| | ۷۰ ـ کۆتایی ۱۹۷٥ |
| سەروتار | ۱۸۱ |
| هەر جارەی نوسینێك | ۹٤ |
| لێکۆڵینەوە | ٥۱۳ |
| گۆشەی ئافرەت | ۲۲۸ |
| فەرهەنگی زانیاری | ۳۱ |
| هەواڵی رۆشنبیری | ۱۸۰ |
| هەواڵی ئەدەبی | ۲۹۸ |
| هەواڵی هونەری | ۲۳٥ |
| شیعر ، کوردیو وەرگیراو | ٥٥۰ |
| دەنگوباسی وەرزش | ۱٤٥ |
| هەمە چەشنە | ۱۰۱۲ |
| هەواڵی ناوخۆ | ۳٤۹٥ |
| هەواڵی دەرەوە | ۳۰۲٥ |
| بابەتی ئەدەبی | ٤۹۱ |
| فلکلورو قسەی نەستەق | ۲٥۳ |
| لە بارەی مامۆستاو قوتابیانەوە | ۲۲٦ |
| ئاورێك لە رابوردوو | ۸۷ |
| ریپورتـــاج | ٤۹٤ |
| کتێبی هاوکاری | ۸۲ ئەڵقە |
| بیرەوەری | ۱۹٦ |
| لە بارەی جوتیارانەوە | ۲۸۷ |
| وتاری پزیشکی | ٦۰ |
| یاریگرەو ( مسابقات ) | ٥۲ |
| زمانەوانی | ۱۸ |
| رەخنەو لێکۆڵینەوە | ۱۲۷ |
| چیروكو بابەتی منالان | ۲٦۰ |
| ئاگاداریو ئیعـلان | ٦٥۲ |
| چیرۆك | ۱۸۱ |
| خەباتی کرێکاران | ٥۰۷ |
| پوستەی خوێنەران | ۲٦۸ |
| کاریکاتێر | ۲۹ |
| بابەتی هونەری | ۲۱۲ |
| پەند | ٤٦ |
| لە ئەدەبی گەلانەوە | ۱۳۰ |
| وێنەی فۆتۆ | ۲٤٥٤ |
| وێنەی دەستکرد | ٤۲۲ |

● زیاتر لە ۳۰۰ نوســـەرێتارو بابەتی خۆیـــان تیابـڵاو کردۆتەوە ٠٠

پاشماوەی : پاشـــــەرۆژی چیروك

### لیونید لیونوف

نووسەری سۆفیەتی لیونید لیونوف ئەڵێ : ئەمە یەکەمین جار نییە لە رۆژئاوای ئەوروـ پاوەو لـــە چەندین شـوێنەوە هاوارو بانگ لە دژ مەوزوعاتی مرۆڤایەتی لـــە چیرۆکـــدا هەڵبێتو بانگی ئـەوە بدەن کـــە ئـــەو عاتیفەو سۆزەی پێشدان چیرۆك باسی ئەکـــرد ئێستە سواوەو بێ کەڵك بووە ، پێویستە باســـی شـــتی تازە بکـــرێتو ،بگۆڕدرێت ٠ لـــە راستیدا ئەمە ئیدعایەکە لە باتی وەڵامدانەوە ، پێویستی بــەوە هەیە بۆ حاڵی بکرێت ٠ چونکە نەخۆشییە ، یان دیاردەیـــەکی نەخۆشە ٠ کارێکی پەسند نییە ئەوانە پشت لە ئەو عاتیفـــەو مانایانە هەڵبکەن کە باســـی خۆشەویستیو ژیانو ئینسانە٠

ئەگەر چاوێ بە رابووردووی نزیکـــدا بخشێنین ٠ ئەبینین کۆمەڵێ هونەرمەندی گـــەورەو لەوانەش ( بەلزاك ) ، بـــە بلیمەتی خۆیان توانیویانە بـە قووڵی دابچنو بە دوو دەســـتی بەهێز خۆراکی عاتیفەی بلیمەتی خۆیان بگرنو گوێ نەدەنـــە شەوو رۆژو لە دژی هێـــزی شەڕخوای رۆژگـــاری خـــۆین بجەنگن ٠

لە واقیعدا هەموو هونـــەـ رمەندە رابەرەکان قەت خۆیان بەم پرسیارە ساردو سڕانـــەوە خەریك ناکەن٠ ئەو پرسیارانەی ئـــەمرۆ خەڵکی ئەیڵێنـــەوەو ئەیبیستین ٠ ژیان بۆ ؟ خـــۆر بۆ ؟ ئینسان بۆ ؟ ئەوان خۆیان بەم شتانەوە خەریك ئەکردووەو هەر لە هۆڵی ئەوەدا بوون کـــە کیشوەری نەدۆزراوەی تـــازە بدۆزنەوەو دلخۆش بن بـــەو سەرکەوتنانەی بـــەدی ئەهێننو یان بـــە ئازاری ژێرکەوتنەوە بتلێنەوەو بیر لـــەوە بکەنەوە ئـــەو جیهانی هونەرو فیکرەی بنیاتیان ناوە تەمـــەنی لـــە سەدەیەك زیاتر ناخایـــەنێت ٠ ئەوان ئاخو ئۆف ناکەن ، بەڵام بە داخی ئەوەوە سەرئەنێنـــەوە کـــە نەیانتوانیوە ، ئـــەوەی ئەیانەوێ بە هەوڵو کۆششیان بە ئەنجامی بگەیەنن ٠

ئەو هاوار بەدەمانە ، ئەمرۆ لـــە کوێوە ئـــەم بەندو باوی کۆتایی هاتنی دەوری ئینسانو چیرۆکیان هێنـــاوە ؟ لەگـــەڵ ئەوەشدا کـــە سوور ئـــەزانن ئێمـــە گەیشتووینەتە وەختێکی مێژوویی دیاریکراو ٠

ئایا ئیتر بـــە بەرەوە نەماوە کە شتی تازە بدۆزینەوەو لـــە پێناوی ژیانو ئینساندا خەباتی تازە بکەین ؟ ئـــەی ئەگەر واین کەوانە بۆچی لەم سەرزەوییـــە نەوەیەکی نوێ بێنێت ٠؟

من دژی ئەوەم کـــە هێرش بکرێتە سەر کەرەسەو ئـــەوزار ـ وسائل ـــی چیرۆکی کۆن ٠ نەك هەر دژیم بەڵکو باوەڕیشم وایە پێویستە رێز لەو ئەوزار ( وسائل )و کەرەسەیە بگیرێت چونکە ئینســـان بەهۆی ئـــەوەوە توانیویەتی هونەری داهێنـــەـ رانـــەی خـــۆی وەدی بهێنێ ٠ چیرۆك خزمـــەتێکی گـــەورەی سەقافەتی مرۆڤایەتی کردووەو ئەو تەنیا گۆڕانەش بـــە سەریا هاتووە بریتییە لـــەو توانای فیکریو وێنەکەریو زیرەکییەی لـــە نیوەی سەدەی داهاتوودا لەگـــەڵ زیادبوونی زیرەکـــی مرۆڤو زانیاری پەیاکردنیـــدا پەیدا بووە ٠

زوربەی خوێنەران باوەڕیان بە یاساو دابی مرۆڤایەتی هەیەو بـــە چـــاوی هیـــوا باوەڕەوە ئەڕوانـــە ئێـــەو چاوەڕاونن گوێیان لـــە شتێکی تازە ببێ زاخاوی بیرو هۆشیان بداتەوەو خەباتو ژیان لە پێش چاویان خۆشەویستو شیرین بکات ٠ کاتێ نووسەر ناتوانێ ئـــەم سەرکەوتنە بەدیبهێنێ خوێنەرە راستەقینەکان لـــە شـــەڕێکدا بریندار ئەکـــاتو یـــان دوای رۆژێ کـــاری سەختو دژوار ماندوویان ئەکات ٠ ئەوسا خۆی بەرەو بورجـــە عاجییەکـــەی ئەکشێتەوە ٠ رەنگە ئەو بورجە بورج ئەبێت ، رەنگە سارامـــە بێ ، رەنگـــە کەژو چوڵەوانیـ یەك بێ یان هەر پەنایەکی تـــر بێت ٠ لێرەوە کەلێنێکی گەورە ئەکەوێتە نێـــوان نووســـەرو خوێندەوارانەوەو هونەرمـــەند بـــەرەو دابڕاوییو سـەرلێـ شـــێواوی ئـــەباتو ژیـــان لەهونەرمەندەکە ئەبێت بـــە کۆمەڵێ دوورگەی جیا جیا لـــە یەکتری ٠

### ئەوزاری دۆزینەوە

چیـــرۆکی تەقلیـــدی یان چیرۆکە کۆنەکان بۆیـــە لای خەڵك باشن چونکە بە ساکاری باسی ئینسان ئەکەن ٠ باســـی ئـــەو لایەنە سادەیەی ئینسان ئەکەن کـــە هێشتا مرۆڤ لـــە رەخنەو فەلسەفە وەك ئێستـــە شارەزا نەبوو بوو ٠

پێویستە واز لـــە نووسینی چیرۆکی تەقلیدی بهێنیـــن ٠ چونکـــە مرۆڤ هەڵخەڵەتێنەو ناتوانێ راســـتیو ئاڵوزی باری مرۆی ئەم سەردەمە دەربخات ٠ پێویستە کەرەسەی چیرۆکـــەـ کانمان لە واقیعی ئەمڕۆو لـــە تاقیکردنـــەوە راستەوخۆکانی ژیانی هەڵێنجینو بە هۆشیاریـ یەکی تەواوەوە ئەو پەیوەندییە تێکچڕژاوو بە یەکا ئاڵاوانە شی بکەینەوەو بیدەینە بەر تیشك ٠

ئەرکی چیرۆکە کە واقیعی مرۆڤایەتی بدۆزێتەوەو شـــیی بکاتەوە ٠ دۆزینەوەو پـــەردە لەسەر هەڵماڵینی ئەوەش لەسەر خەملو بۆچوونو بەدی هـــاتنی ئەو فەرەزیاتانەو لەسەر هەڵەو راستی بەندە ٠



Institut Kurde de Paris

# ساڵی ۱۹۷٦ و « بنەماڵەی هاوكاری » و بیرەوەری شەش ساڵەی تەمەنی ڕۆژنامەكەیان

**خوێنەری خۆشەویست :**

دوان لە چۆنیەتی پێك هاتنی بنەماڵەی ڕۆژنامەی «هاوكاری» زۆر یادگار بیر ئەخاتەوە ، یادگاری خۆشی و ناخۆشی و ماندوبون و شەونوخونی و زویربون و دڵ تەنگی و دڵپاكی و پێ كەنین ، ئەوا هاوكاری مۆمی شەشەمی تەمەنی دائەگیرسێنێ و شەش ساڵی ڕەبەقیشە ، هەموو هەفتەیەك بەردەوام ئەگاتە دەست خوێنەرانی كوردو لەكاروانی خزمەت گوزاری وشەی كوردی داو گەیاندنی دەنگی پێشكەوتنخوازی گەلان و بەهێز كردنی یەكێتی كوردو عەرەب لە عێراقی برایەتی و شورشدا دوانەكەوتوە .

بەبۆنەی بیرەوەری شەش ساڵەی لەدایك بونی ڕۆژنامەی ـ هاوكاری ـ وە ، ئەم چەند دێرە بەرچاو ئەخەین :

● یەكەم ژمارەی ڕۆژنامەی ـ هاوكاری ـ لە ٩ـ١ـ١٩٧٠دا دەرچو ، دەرچونی ئەم ڕۆژنامەیە لەئەنجامی بڕیارە پیرۆزەكەی ئەنجومەنی سەرـكردایەتی شورشدابو دەربارەی « مافی ڕۆشنبیری گەلی كورد » .

● لەسەرەتادا « هاوكاری » لە ( دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی ڕۆژنامە ) دەرئەچو ، دوای لە « دار الجماهیر » .

● سێ ژمارەی یەكەمی بە(١٢) لاپەڕەی بچوك دەر ئەچو دوای بوبە (١٦) لاپەڕە . ئینجا(٨) لاپەڕەی گەورە .

● تا ئیستا دوو ژمارەی تری تایبەتی دەر كردوە ، یەكەمیان بەبۆنەی ڕابوردنی ساڵی یەكەمیەوە كە (١٦) لاپەڕەی گەورە بو دووەم بەبۆنەی ساڵی سێیەمی دەرچونیەوە كە بەشێوەی گۆڤارو بە (٤٠) لاپەڕەی بچوك دەرچو .

● ڕۆژنامەكە لە مانگی حوزیرانی ساڵی ١٩٧٤وە لەدەزگای هاوكاری چاپ و بڵاوكردنەوەی كوردی دەر ئەچێت ، لەپێشدا (١٠٠٠)دانەی لێ چاپ ئەكرا ، دوایی (٢٥٠٠) دانەو ئیستا (٤٠٠٠)دانەی لێ چاپ ئەكرێ و لە مانگی ئەیلولی ١٩٧٥وە لاپەرەكانی زیادی كردوەو بوە بە (١٢) لاپەڕەی گەورە .

● لە وەتی ڕۆژنامەی ـ هاوكاری ـ دەرئەچێ تا ئیستاش بەردەوام لەچاپخانەی ـ الجمهوریە ـی سەر بە « دار الحریە » چاپ ئەكرێ .

● ئەوەی بە ئاواتیەوەین ، ڕۆژنامەكەمان لە چاپی « لیتربریس » بگۆرێ بۆ چاپی « ئوفسیت » .

● لەكۆتایدا سڵاوی ڕێزو خۆشەویستی لە هەموو ئەو ڕۆژنامە نوسانەی لەیەكەم ژمارەی ئەم ڕۆژنامەیەوە ڕەنجیان تیاداداوەو پێشیان خستوەو لەو ڕۆژنامە نوسانەی ئیستا كاری تیائەكەن و لەوانەی لەدوارۆژدا كاروانی هاوكاری بەرەو پێشەوە ئەبەن .

● با داگیرساندنی مۆمی شەشەمی تەمەنی ـ هاوكاری ـ هەنگاوێكی نوێ بێ بەرێگای پێش خستنی ڕۆژنامەگەری كوردیدا .

● هەربەم بۆنەیەوەو بەبۆنەی داهاتنی ساڵی ١٩٧٦وە باری سەرنج و ئاوات و خواستی چەند خوشك و برایەكی بنەماڵەی ( هاوكاری ) بە خوێنەرانی خۆشەویست ئەگەیەنین :

## ئاوات و خواستی ساڵی حەوتەم



● ئەگەر ئێمە توانیمان ، لەدەرسە بەنرخەكانی ساڵانی ڕابوردوو پەندوەرگرین و سوودببینین بێ گومان ئەمە هێنانە دی باشترین ئاواتی ساڵی داهاتووشمانە .

● بەڵێ منیش ، وەك هەموو گیاندارێ ، ئاشتی خوازم و دژی جەنگم ... دژی دەست درێژی كردنی ئیمپریالزم و زۆر دارانم بۆ سەر هەر وڵاتێك و هەر كەسێك بێت ..

● بەخوا حەزیش لەوڕشت دەكەم لەسەرروو هەموویانەوە ، حەزدەكەم ڕژێمی سوشیالیست لە هەموو جیهاندا سەركەوێت وگەلانی دنیا بە ئاواتی خۆیان بگەن و ئیمەش خاك و پای چاكان ...

● وا بزانم كلیلی تەلیسماوی ئەم ژیانە ئاڵوزەی ئیمرۆمان وا لە ، ڕۆشنبیری قووڵ و هوشیاری یەكی ئەوتۆدا ، كە هێزی خۆ ڕاگرتن و باوەڕی سەركەوتن لە مرۆڤدا ، دەگەیەنێتە ، ڕادەیەك ـ وەكو گەلانی ڤێتنام ـ بتوانێ سەربكەوێت بەسەر گەورەترین و درندەترین هێزی ڕەش دا لە جیهاندا ...

دەسا ئاواتی هەرە هەرە گەورەو پیرۆزم ئەوەیە ئێمەش شتێكمان لەم هوشیاری یە بەرزە دەست بكەوێت ، وهەر وەكو « پیرە میرد »ی نەمر دەڵێت :ـ
« ئاخ خۆزگە خوێندنیش ، وەكو من ئارەزوونەكەم بی بینم و نەبێتە گرێی قورسی كفنەكەم » .

ـ ئەحمەد غەفوور ـ



محمدی مەلا كریم

ئەپرسی : ئاواتی ئەمساڵت چی یە ؟

ئەڵێم : تەنها ئاواتی ئەمساڵمت بۆ نالێم . كە مەسەلەكە هەر ( ئاوات ) بێ ، ئاواتی هەمیشە ، یا هیچ نەبێ دەمێ وەختێ ، بۆ باس ئەكەم .

كورتەی ئاواتم ئەوەیە ئەمساڵیش وانەبێ كورد واتەنی بڵێین : ساڵ بە ساڵ ، خۆزگە بە پار !

بەڵێ ئەم ئاواتە لە ڕستەیەكی كورتدا دارێژراوە ، بەڵام ڕاستەكەی پوختەی هەموو ئاواتەكانە .. ئەم ئاواتە واتە : بەرەو پێش بڕۆین .. لە هەر ڕوویەكی ژیانەوە بیگری بەرەو پێش بڕۆین . ئەم ئاواتە تێكڕای ئاواتەكان ئەگرێتەوە ، بەڵام ئەمەش واناگەیەنێ بە پێویستی نەزانم پەنجە زیاتر بخەمە سەر هەندێكیان و بە چاوێكی زەقتر تەماشایان بكەم ..

وەك هەر مرۆیەك ، وەك هەر كوردێك ، وەك هەر عیراقی ـ یەك ، وەك هەر نووسەرێك ، وەك هەر (خۆ)یەك ، كۆمەڵە ئاواتێك لە دڵما گیتكڵ ئەخواتەوە .. وەك هەر كام لەمانە ، لەگەڵ ئەمانەدا لە كۆمەڵە ئاواتێكا هاوبەشم و ، وەك هەر (خۆ)یەكیش خولیایەكی تایبەتی دەروونم هەیە ..

بەر لە هەرچی ، وەك بنیادەمی ڕووتم بگری ، یا وەك هەرچی ، ئەبی لە چوار چێوەی پێشكەوتن خوازیمدا دانێی .. من لەو سنوورەدا ئاوات ئەخوازم . لە هیچدا هاوبەشی كۆنەپەرست نیم ، چونكە كۆنەپەرست ، هەر بە مەرجێ لە ترێ ئەیشتنەوە كۆنەپەرست بێ ، لە هیچدا ، لەم جۆرە هیچانەی باسیان لێ ئەكەین ، هاوبەشی مرۆڤایەتی نی یە .

بۆیە ، وەك هەر مرۆیەكی پێشكەوتن خواز ، ئاواتە خوازی ئاشتی یەكی پایەدارم لە جیهانا .. ئاواتە خوازی لێك ـ گەیشتنی زیاتری هەموو ڕژێمە جیاوازەكانی كۆمەڵگای ئادەمیزادم .. ئاواتەخوازی بەتین تر بوونی خەباتی گەلان و جێ گیرتر بوونی ڕژێمی سۆشیالیستی و سەربەخۆیی وڵاتە ئازادەكانم .. ئاواتە خوازی پاكۆ كردنی ئیمپریالیزم و ڕەگەزپەرستی و چەوساندنەوەی چینایەتی و نەتەوەیی و ئایینی و هەر جۆرە چەوساندنەوەیەكی ترم .. ئاواتە خوازی ئەوەم بەری مێشكی زانایان زیاتر بۆ سوودی مرۆڤایەتی بخرێتە كار .. مرۆڤ زیاتر شایانی ژیانی دواجارەكی سەدەی بیستەم بێ .. نەبیستمەوە لە وڵاتێكا منال ساڵ پڕ ناكاتەوە ئەمرێ .. هەژار بە بەرمیلی بەرماڵانا ئەتەڕێ بۆ پارچە كولێرەیەك ، بۆ پاشماوەیەك بیخوا .. بۆ ئیسقانێك بیكرێنێتەوە .. ئافرەت سەركوت و دەمكوت و دەست بەست ئەكرێ .. خاوەنی بیری خێر خوای گەل و نەتەوەیی و مرۆڤایەتی ، بەرابەر بە ئازادی بیری لە بەندیخانە ئەبەستێورێ ، سزا ئەدرێ .. ئەكوژرێ ...

وەك كوردێكیش ، ئاواتە خوازی ئەوەم گەلەكەم بە ئاسوودەیی بەسەر بەرێ .. بتوانێ برینی ساڵەهای خۆی سارێژ بكاتەوە .. خەریكی پەیدا كردنی نان و مسۆگەر كردنی ژیانی خۆی بێ .. مافی ، وەك نەتەوەیەك ، وەك بەشێكی گەلێك ، ڕێزی لێ بگیرێ .. قوتابخانەی كوردیی هەبێ بۆ منالەكانی .. كارگەی هەبێ بۆ كرێكاری .. عەردی هەبێ بۆ جووتیاری .. دەرمان و نەخۆشخانەی هەبێ بۆ بیماری .

بڕوانە ل ـ١٠ـ

Institut Kurde de Paris

# تۆ کەناری یا ڕووباری ؟!

شیعری : سەلام محەممەد

– ١ –

هەموو ڕۆژێ لە لەشما نوێ ئەبێتەوە
کاتێ تریفەی مانگ ...
شانەی ئارام بە قژی نیوەشەودا ... ئەهێنێ
لە دوورەوە تریفەیەکی سور ..
کۆتری ڕوانینت ، بەرەو ئاسمانێکی شین ئەبات
ئەوە خۆری خۆشەویستیی منە ،
کە هەمیشە کەشکەت بێ ئەکات و ..
ورەت پێ ئەبەخشێ ...
وەرە خوارەوە ئەی ئاوی تاڤگەی جوان
چلوورەی کوێستانی ئەم وڵاتە پەلکە زێڕینەیە
شەونم ئەکەمە مۆمی شەوانی تەنیاییم
( دەمەو ئێوارە بوو کە هاتی ..
باڵات درێژتر بوو لە ڕووبارەکەی سیروان
بەشۆکام و پرسیم ...
تۆ کەناری .. یا ڕووباری
وتت میوانێکی ناوەختەم
ڕەشەبا هێناومی ... )
دەسا ئەو شەپۆلە سامناکەت دیوە
چۆن گەمارۆی پاپۆڕەکانی داوە
خۆت مەشارەوە ...
ئیمشەو گەردەلوولی تەمەن
مەچەکی ترس بەند ئەکات
وەرە ژوورەوە
تۆ دەمارەکانت دەروازەن
لە تەکمەوە دانیشە هۆنراوەت بۆ ئەخوێنمەوە
ئەزانم لە هۆنراوە تێناگەی ..
بەڵام گوێ بگرە ...
ئیمشەو ( مەولەوی ) دێتە ناخمەوە و ..
دوا قسەت لەگەڵدا ئەبڕێتەوە ..
هۆ عەنبەر خاتوونەکەی تەمەنی شەیداو ئاوارەم
هۆ کچە جوانەکەی کوردستان ،
لەم نیوەشەوە ساردەدا ،
کە بوومەتە شەختەو بە ڕوومەتی ڕوداوەکانی ڕۆژگارا
شـــۆڕ بوومەتەوە .. ،
دێمە لات و .. ئەڵێم :ـ
کامەیان هەڵئەبژێری .. سوور یان سپی
ئەگەر ناوچەوانت ..
ئارەقەی ماندوێتی .. دایپۆشیوە
ئەوا گیانت ، مەڵبەندی ڕوناکی و بەهارە
بڕوانە لووتکەی سەرکەش و ..
پەلە گەنمی سەوز
بڕوانە ئازاری مرۆڤ ..
چۆن تك تك ، وەکو ڕێژنەی باران
لاولاوی ماچ ، ئەبەخشێتە گۆنای خاك

– ٢ –

دەزگیرانت کانی و کوزەڵەو ئەستێرە بوو
ئێواران خەرتەڵەی قەدیـاڵت ئەبردەوە بۆ شار
لە پینۆکی سپی ..
گەردانەت ئەکردە ملی کچۆڵەیەکی هەتیو
ئەرخەوان و گوڵی شەوبۆ بە پێشوازیتەوە ئەهاتن
کاتێ چاوەکانت ئەنوقاند ...
حەوتەوانەو سیوەیل ، تریفەیان ئەکردە کەژاوەت

– ٣ –

خامۆشیت هەراســـــانی کردووم ..
تۆزقاڵێ فەرامۆشیت نەماوە
تۆو گریان و زەردەخەنە یەك پارچەن
وەرە ژوورەوە ، چوار چێوەکەت بشکێنە
گۆرانی بڵێ بۆ خوا ..
بۆ شانە شینەکەی بابل و یوحەننای مەعمەدان
هاوینان دڕکە زەردە هاوڕێتە ..
ئەی کچە جوانەکەی کوردستان
هەتا دوور کەویتەوە گەورەتر ئەبیت
هەتا ڕۆژگار بە ئینۆکی ژەهراوی
گۆشتی ڕوومەتت داڕنێ ، نازدارتر ئەبیت
هەتا زیاتر لە چاو ون بیت
دیارتر ئەبیـــت ...
ئەپرسم .. تۆ کەناری یا ڕووباری
ئێوارە بوو ، گەڕایتەوە لادێ ..
گورگە لوورو سەگوەڕو تاریکی
سامەندیان لە دڵتا زینـــدوکردوە ..

– ٤ –

ئاوی تاڤگە دێتە خوارەوە و .. زۆر جوانە
وەرە خوارەوە ئەی ئاوی تاڤگەی جوان
نۆزی گەردوون ، لە باخەڵما بشۆرەوە
جارو باریش ،
لە تەکمەوە دانیشە هۆنراوەت بۆ ئەخوێنمەوە
هەر ئەڵێم و .. ئەڵێم ..
هەتا هەردوکمان ئەبینە کوزەڵەو ئەستێرە
خۆ ئیمشەو دوا قسەت لەگەڵدا ئەبڕمەوە
ئەی خۆشەویستەکەم ...

تەموزی ١٩٧٥



# پاشە ڕۆژی چیرۆک

## جیدو بیوفینی

پێش چەند سـاڵێك لەمەوپێش ، دەربارەی پاشـەڕۆژی چیـرۆك ، نووسەرانی ڕۆژهـەڵات و ڕۆژئـاوا ، براکونگرەیەکیان گرت و لـەم مەسەلەیە دوان . جـان پۆل سارتەر و ئیلیـا ئەهرنبورگ و لیونید لیونوف و ناتالی ساروت و برناربنجۆ و ئالان ڕۆب گریەو جیدو بیوفینی سەرپەرشتی و ڕابەرایەتی ئـەم کـارەیان کردووە هەرچەندە ئەم باسـە چـەند ساڵێك لەمـەوبەر بڵاوکراوەتەوە ، بەڵام ئـەو مەوزوعانەی باسـیان کردووە نەك هەر لە وڵاتی ئێمەدا بەڵکو لە جیهانیشدا تا ئێستە هـەر جێگەی باس و گفتوگۆن . بـۆ سوودی خوێندەواری کـورد ئێمەش ئەم باسەمان وەرگێڕایە سەر زمانی کوردی و لەمەودوا ڕای هەریەك لەونووسەرانەتان پێشکەش ئەکەین کـە ناومان هێنان .

– ئەدەب و ژیان –

ئـەم نووسـەرە ئیتالییە دەربارەی « نەخشەی واقیعیەتی ئارە » وتی : ئابێ سەرەتا بەوە دەس پێبکەین و لەوە بکۆڵینەوە « ئاخـۆ چیـرۆك چـۆن ئەنووسرێت ؟ » نە ، ! بەڵکـو ئەبێ باسی ئەوە بکەین ئاخـۆ نووسەر ڕوو بە ڕووی چ جۆرە واقیعێك ئەبێتەوە کە ئەیخاتـە هۆڵی ئەوەوە لێی بکوڵێتـەوەو نهێنـی لـە نووسینەکانیدا پێشکەش بکات .

هـەموو چیرۆکنووسێکی هاوچەرخ ئەبێ لەوێوە دەس پێ بکات کە پێشینە گەورەکانی لە ڕابووردوویەکی نزیکدا بناغەیان بۆ دامەزراندوە .

دستویفسکی و پرۆست و کافکاو جۆیسیش لەسەروو ئەو پێشینە مەزنانەوەن . هەر نووسەرەی بە گوێرەی ڕاو چێژی خـۆی ئەتوانێ ناوی تر بخاتە سـەر ئەم ناوانە . چونکە ئـەو نووسەرانە سامانێکی گەورەی چیرۆکیان بۆ بەجێهێشتووین . ئەتوانرێت لێی زیاد بکـرێت بەڵام ڕەت کردنەوەی نیـەو ناتوانین پێشـێلی بکـەین و پشت گـوێی بخـەین . بەهـەسوون و پایەی ئەم سامانەش بەدروستکردنی شەخسـیەت پەیوەندی دەروونـــی و شـــی کردنـــەوەی و بـــە گرێ و مەڵبەندو پەیوەندی ڕووداوەکان بە وەخت و شوێن و بە پەیوەندی چیرۆك نووس بـە چیرۆکەکەیەوە بەستراوە . ئەم پەیوەندییەش بریتییـە لـە پەیوەندی نێـوان ئینسـان و جیهان ، بێ ڕەچاوکردنی ئـەم شـتانە چیرۆکنووس لـــە سنووری ڕاستیی مـەوزوعی هونەرەکەی دەرئەچێت .

ڕابەرانی چیرۆکی ئەم سەردەمە چیرۆکیان کردۆتە ئیشـانەو وەسیلەی زانیاری مرۆڤایەتی . ڕا ئە ئەڵێن بە هۆی چیرۆکەوە ئەتوانین لـە نهێنی و ڕاستیی ئینسان بگەین . کەواتە چیرۆك بۆتە جێنشین یان تەواوکەری ئەڵێنگری فەلسەفە . وا بزانم کەس لاریی لەم قسانەی مـن نییەو هەموو ڕامان چوونیەکە . بەم مشت و مڕ لەسەر ئەوەیە ئاخـۆ ئەبێ چیرۆك دەربارەی بەزی ئینسان وتووێژ بکـات و بەرامبەر ڕووداو ڕا دەربڕێت؟ چونکە ڕووداوەکان بە تەنیـا ناتوانن ئەم دەوری ڕەخنەگرییە ببینن . بەڵام ئەوانـەی ڕایان لە تەك ( مرلوبونتی )دا یەکـەو دژی ئەم ڕایەن ، باوەڕیان بەو قسەیەی ئەو هەیە کە ئەڵێ‌ ئابێ چیرۆکنووس بیری خۆیمان بـۆ دەرخـات . ئابێ تـەنانـەت دەربـارەی پاڵەوانەکانیشـی بدوێ و شـیـان بکاتـەوە . پێویستە لـە باتی ئەمـانە چیرۆکنووس شەخسیەتـەکان و ڕووداوەکان بـە شـێوەیەکی زۆر تـەواو و خرۆشـاوی وا پێشکەش بکات ، لەگەڵ هەموو گەشـەکردنی گێڕانـەوەی چیرۆکـەکەدا واتای ڕووداوەکانیش لای خوێنەر بگۆڕێت .

ئەم ڕایـەش دژی تاوەزۆکی فەلسـەفی و ڕەخنەگریمە لـە چیرۆکداو هەر بایەخ بە لایەنی هونەری ڕوونی چیرۆك ئەدات . لـەم جۆرە چیرۆکەدا چیرۆکـ نووس هەقی نییە بە سەرەوەو ئایـە لـە بیری چیرۆکەکـە بکوڵێتـەوە ، ڕای بەرامبـەر دەربـڕێت . لەباتی ئەمە جم و جووڵی پاڵەوان و قسەو دیالۆگی پاڵەوانـەکان خـۆیان دەربڕی هەستن .

ئەگەر وا بیر بکەینەوە ئەوسا ئەتوانین لە چیرۆکدا وەك دان بە ڕێبازی فەلسەفی ڕەخنـە گـریدا نـەنێین واش دان بـە ڕێبازەکەی کافکا دا بنێن .

جیهانی ئەمڕۆ ، جیهانێکـی پڕ لـە ئازاوەو ئاکۆکی و دوو دڵییـە . هـۆی سیاسـی و کۆمەڵایەتی ئەمەش ئاشکرایە .

سلیمانی‌و چەند سەروكی دایەرەو ریكخراوە پیشەیی‌و گەلیەكان چون بۆ سەردانی سەركردایەتی هێزەكانی مەنصورو پیرۆزباییان بەم بۆنەیەوە لە عەقید ركن سەركردەی هیزەكانی مەنصورو ئەفسەرو دەرەجەدارانی لەشكری قارەمان كردوە ٠

بەرێز پاریزكاری سلیمانی بەردی بنچینەی مەخزەنی ماسی دانا كە ١٥٠ هەزار دیناری تێ ئەچێ و بەردی بنچینەی پروژەی نیشتەجێ كردنی فەرمانبەران‌و كریكارانی كومپانیای نشتی شەكری دانا كە ٣٣٠ هەزاری تێ ئەچێ ٠٠

لەگەل زێرابی پەری رۆژئاوای شاری سلیمانی بە ٢٥٠ هەزار دینارو پروژەی گاژینوی گەشت و گوزاری كردەوە ٠

● لە دهوك :

لە شاری دهوك نومایشیكی گەورەی سەربازی بەم بۆنەیەوە ریكخرا ، مامۆستا یەحیا جاف پاریزداری دهوك‌و هەڤالان نوینەری سەركردایەتی حزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەب شعبەی دهوك‌و امر لواو هەڤالان ئەندامانی ریكخراوی حزب‌و هەندیك لێ‌پرسراوی گەورەی لەشكرو فەرمانبەران‌و جەماوەریكی زۆر لە پاریزگاكەدا بەشداری ئەم نومایشەیان كردوە ٠

بەم بۆنەیەوە پروژەی پەدالەی نونومانیكی كە ٧٥٠ خەتی هەیەو ١١٢ هەزار دیناری تێ‌چوە، كرایەوە هەروەها بەردی بنچینەی چەند پروژەیەك دانراوە كە هەمویان ملیونیك‌و ٢٥٠ هەزار دیناریان تێ ئەچێ ٠٠ وە لە زاخۆ سەنەدی بەخاوەن بونی زەوی‌و زاری كشتوكال بەسەر ٢٧٢٠ فەلاحدا دابەش كراوە ٠

● لە هەولیر :

بەریزان مەوستا هاشم عەقراوی سەرۆكی ئەنجومەنی تەنفیزی ناوچەی ئوتونومی‌و ئیحسان هبەالله مفتی جێ‌گری سەرۆكی ئەنجومەنی یاسادانان‌و ئەمینداره گشتی‌یەكانی بەرێوەبردنی ئەنجومەنی تەنفیزی چون بۆ سەردانی یانەی ئەفسەران لە هەولیر وە پیرۆزباییان لە عمید ركن سەركردەی هیزەكانی المثنی كرد ٠

هەروەها بەم بۆنە پیرۆزەوە ماموستا محمد علی أمین پاریزگاری هەولیرو هەڤالان جێ‌گری ئەمینداری نهێنی‌و...

ئەندامانی سەركردایەتی لقی ژووری حزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەب‌و نوینەرانی پارت‌و هێزە نیشتمانیەكان‌و پیاوانی ئاینی‌و سەروك‌و ئەندامانی ریكخراوو یەكیتی‌یە گەلی‌و پیشەییەكان لە پاریزگاكەدا پیرۆزباییان لە سەركردەو ئەفسەرو دەرەجەداران‌و سەربازانی لەشكر كرد٠

بەم بۆنەیەوە سەركردەی هێزەكانی المثنى چەند خەلاتیكی بەسەر كەرتە ئەسكەریەكانا دابەش‌كردو لە وتاریكدا سلاوی لە سەركردایەتی سیاسی حزب‌و شورش‌و لە سەرویانەوە سەرۆكی فەرماندە احمد حسن البكر كرد ٠ دوای ئەوە چو بۆ سەردانی نەخوشەكان لە نەخوشخانەی ئەسكەری‌و خەلاتی كردن ٠

## سەرۆك بەكر چاودێری
( پاشماوە )

كۆمەلی جەنگاوەرانی كۆن لەسەر گۆڕی سەربازی نەناسراو دانرا ٠

لەو ئاهەنگە گەورەیەدا بەرێزان ئەندامانی ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆرش و وەزیرەكان‌و سەرۆكی دەستەی دیپلۆماسی‌یەكان‌و پاشكۆ سەربازی‌یەكان و ئەفسەرە گەورەكانی هێزی چەكداری ولات بەشدار بون ٠

لە كۆتایی ئاهەنگەكەدا سوپاسالاری ولات بۆ بەسەركردنەوەی نەخۆشەكان چووە دیدەنی نەخۆشخانەی رەشیدی سەربازی لەوێ گەلێك خەلات‌و دیاری پێشكەشی نەخۆشەكان كرد ٠

## پاشماوەی طه جەزراوی

نەتەوەی عەرەب لەوریا بوونەوەو تێ‌سەندنی تیكۆشانی‌و داكۆكی كردنی لەشۆرشی عەرەب راستی‌كیشەی نەتەوایەتیمان دەردەخات دژی هێزی ئیمپریالیزمی هاوپەیمانی زایونیزم ٠

هەروەها وتویەتی :ـ ئەو هاوپەیمانی‌یە گومان لێ‌كراوەی ئیمپریالیزم‌و زایونیزم بۆتە هاندریك بۆ توندو تیژی پەلاماردانەكانی زایونیزم ، ئەمە وامان لێ‌دەكات كە خۆمان زیاتر گورج كەینەوەو هەموو توانایەكی خۆمان لەچوار چێوەی خەباتێكی چەكداری میللیدا بەكار بێنین بۆ پوچەل كردنی ئەو پیلانانەی دژمان ساز ئەكرێن ٠

دوای ئەوە دەرچۆكان بەبەردەم تەختی سلاوكردندا خویان نیشاندا ، لەسەر تەختەكە بەرێز الجزراوی‌و هەڤالانی مەكتەبی سەربازی‌و پاریزگاری بەغداو سەركردەكانی ناوچەی پاریزگاری بەغداو سەركردەكانی ناوچەی پاریزگاكان راوەستابون ٠

خۆپیشاندەران وینەی سەرۆك بەكرو مامۆستا صدام حسین‌و دروشمی قوتابخانەكەیان‌و ئالای ولاتانی عەرەبیان هەلگرتبو ٠

لەكۆتایی ئاهەنگەكەدا بەرێز طه الجزراوی خەلاتی بەسەر یەكەمەكانی ئەو دەورەیەدا دابەش‌كرد ٠

**

# بۆزانین

## بەریوەبەرایەتی گشتی پرۆژەكانی ئاوو ئەلەكتریك لە پرۆژەكانی پلانی گەشەكردنی نەتەوایەتی ژمارە ( ٧٢ )

**( مناقسەی دروست كردنی ئەستێلیكی ئاوی زەوی‌و زارلە صلاحەدین لە پاریزگای هەولیر ) ٠**

١ ـ بلاوی ئەكەینەوە مناقسەیەك هەیە بۆ دروست كردنی ئەستێلێكی ئاوی زەوی وزار لە پاریزگای هەولیر بەپێی ئەومەرجە گشتی‌و مواصفاتە تایبەتیانەی كە رەنگ بێ لەبەشی حقوق‌و عقود لە بەرێوەبەرایەتی گشتی پرۆژەكانی ئاوو ئەلەكتریك دەست بكەوێ ئەگەر بڕوانامەی ژوری بازرگانی هەبێ وە هەر نسخەیەكی بە (٢٧) بیست‌و حەوت دینارە ٠

٢ ـ ئەوانەی ئەیانەوێ ئەم قونتەراتە وەربگرن ئەبێ‌عەتاتاتەكانیان بەپێی مەرج‌و ئاموژگاریەكان بدەن بە سكرتیری لیژنەی كردنەوەی عەتاتات لە دیوانی بەرێوەبەرایەتی ناوبراو ٠

٣ ـ ئەم بڕوانامەو وەسیقانە لەگەل عەتاتاتەكاندا لە ناوزەرفێكی تایبەتیدا ئەبێ ٠

أ ـ تەئمیناتێكی سەرەتایی ( ٥٠٠٠ پینج هەزار دینار )بە پارەیی‌یان كەفالەتیكی مەسرەفی كەبەلای كەمەوە بۆ ماوەی شەش مانگ كار بكات لە روژی داخستنی مناقسەكەوە ، یان‌چەكیكی ئیمزاكراو لەلایەن بانقیكەوە كە ریگای ئیش‌و كاری صیرفەی درابێ لە ولاتا هەر عەتاتاتیك ئەم تەئمیناتەی لەگەلدا نەبێ یان كەموكورتی تری هەبێ یان پێچەوانەی ئەوەبێ كە داوا كراوە وەرناگیرێ ٠

ج ـ بڕوانامەیەكی تازەی باجی دەخل یان رونوسێكی ٠

د ـ لیستەیەكی ئەو ئیش‌و كارانەی لە مەئەچن كەكردویەتی‌یان خەریكی كردنیەتی ٠

٤ ـ ئەبێ هەمو قونتەرات چیەك بڕوانامەی تەستنیفی‌قونتەراتچێتی هەبێ ٠

٥ ـ تاكۆتایی دەوامی رەسمی رۆژی سێ شەممەی٢٧ـ١ـ١٩٧٦ یان رۆژێك دوای ئەوە ئەگەر ئەو رۆژە عطلەی رەسمی بو عەتاتات وەرئەگیرێ ٠٠ وە قونتەراتچی‌یەكان‌ئەتوانن لە كاتی كردنەوەی عەتاتاتەكاندا ئامادەبن بۆ ئەوەی ئاگاداری جۆری كردنەوەكەبن ٠

٦ ـ ئەبێ پولێكی پەنجا فلسی بنرێ بە عەتاتاتەكاندا ٠

**بەرێوەبەری گشتی پرۆژەكانی ئاوو ئەلەكتریك**

٢ـ٢



Institut Kurde de Paris




Institut Kurde de Paris

داگیرساندنی مۆمی حەوتەمی تەمەنی «هاوکاری» وەهەنگاوێکی نوێ بە رێگای پێش خستنی رۆژنامەگەری کوردیدا